# چەند شیعرێکی زیرەک

جەلال بەرزنجی
(کەنەدا)

١

لە شەستەمین ساڵرۆژی لە دایک بوون
هاوسەرەکەی،
گۆچانێکی بۆ کڕی
ئەو دیارییە،
بۆ بەهێزی نییە
بۆ لاوازییە.

٢

لە سەفەران هاودەنگمە
لە دووری
لە نزیکمە.
هەتا ناو گۆڕ هەڵمدەگرێت
ئەوهایە خۆشەویستی

٣

جاران بە کەڵەگیای دەم پەڕەسێلکە
دەمانزانی بەهارە
ئێستا
بە چەپکە نێرگزی دەست
منداڵە ئاوارەکانی سەر شەقام

٤

هاوسێکەی دەستە ڕاستم
شاعیرە.
ئێوارەیەک،
لە باخچەی ماڵەکەی،
شیعرێکی لەگەڵ
تەرمی پشیلەکەی ناشت.
منیش لەگەڵ کۆترێک،
شیعرێکم نارده ئاسمان
ئەو ڕۆژئاوایی و
من ڕۆژهەڵاتی



هەریەکەمان بە ڕێگەی خۆی،
لە خۆشویستنی شتە بچووکەکانی،
دەوروبەرمان،
خۆشەویستیمان گەورە دەکرد

٥

ناوەوەم،
ئاوێنەیەکی پارچە بووە.
هەر پارچەیەک،
چیرۆکێک،
دەگێڕێتەوە

٦

خۆر لەدەرەوەیە،
کانی بە تانییەکی زیوینی پۆشیوە!
بەهار، لە ژێر بەفرە.
کاتیان دەوێت بۆ کرانەوە.

٧

بۆ ناشتن، خۆی نەگۆڕی
لە شوێن پێی دایکی،
لە تەنیشت گۆڕەکەی
درەختێکی تەنیا،
دوور دوور، دیارە.

٨

لە قەراغ،
لە سەر ڕێگە،
تاراوگە،
بۆ من، هەمیشە جۆرێکە لە ماڵی دووەمین
ئەوکاتانە بیری ماڵێک دەکەم،
ئەویش چیتر بوونی نییە.

٩

لە سەر گۆڕێک،
دڵ بە تیری خۆشەویستی پێکراوە!
دڵۆپە خوێنی لێ دێت
هەر دەڵێی ئێستایە!

**چەند دیمەنێک لە لاس ڤێگەس** (١)

١

دوای ئەوەی حسابی هوتێل (ترەمپ)م دا
هاتمە
Strip (٢)
لە ژێر ئاسمانێکی شین،
با، لە مەمکی ڕووتی دوو ژنی دەدا
هەندێک لەولاتر،
لەبەردەرگای قومارخانەیەک،
ئافرەتێک لە ناو بورقە بوو،
لەگەڵ پیاوێک،
لە ناو ئەو هەموو شتە حەرامە
نازانم نە بۆ دۆزینەوەی قومارخانەیەکی حەڵاڵ،
یان بۆ شاهیدی لەوێندەر بوو؟!

٢

قەیسەر لە لاس ڤێگەسە
شوێن گۆڕین گرفت نییە
ئەگەر خۆت بیت

٣

لە لاس ڤێگەس،
بۆنی مەروانە(٣) لە ناو هەوایە،
هەست دەکەی ئەو خەڵکە دەڵێی، دەفڕن!
ئێستا دەزانم،
ئەو کەسانە
بۆچی هەوای دەوروبەریان،
بۆندار دەکەن.

**(١) لاس ڤێگەس، شارێکە لە ئەمەریکا.**
**(٢) شەقامێکە لە ڤێگەس، درێژییەکەی پێنج کیلۆمەتر زیاتر دەبێت. ئەم بەر و ئەوبەری هەمووی قومارخانە، یانەی شەوان، مەیخانە، هۆڵی نمایش و کونسێرت و هوتێلە، کۆشکی قەیسەر و پەیکەرەکەی بە هەمان شێوازی بیناسازی ڕۆما دروست کراوە، یەکێکە لە هۆتێلە بەناوبانگەکانی ڤێگەس.**
**(٣) مەروانە: حەشیشە.**